# ئەگەر هەموورۆژێک هەڵبژاردن بووایە!

## ئەگەر هەموو رۆژێک
## خەڵک دەخالەتی سیاسی بکات!

**محسن کریم**

گوێم لە گفتوگۆیەکی رادیۆی هاوپشتی بوو لەگەڵ حاکم قادر، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی. ئەوەندە نەرمو نیان و بە دڵفراوانی و تەوزوعەوە قسەی دەکرد کە تەسەور ناکرێت! ئینسان تەنها ئەگەر گوێی لە قسەکانی بێت و ئاگاداری کارەکانی بەرێزی و شارەوانیەکەی و حیزبەکەی نەبێت ئەوا بێگومان نەک کڵاوی دەچێتە سەر، بەڵکو رەنگە بڵێ ئەو خەڵکە بۆچی ئەوەندە بێویژدانن کە بە خراپ باسی خۆی و حیزبەکەی دەکەن! حاکم بوبو بە پارێزەری مافەکانی هەژاران، بوبو بە مودافیعی سەرسەختی ئازادی، بوبو بە دەنگی نارەزایەتی دژی گەندەڵی و مشەخۆری و هەڵپەی دەوڵەمەندبونی بەرپرسانو هاوکاتیش بە پەنای وەرگرتنەوەی مافی زۆرلێکراوان...... ئەمە هەمووی لەبەرئەوەی کە چەند رۆژی دیکە" هەڵبژاردن" ە و حیزبەکەی جەنابی حاکم پێویستی بە دەنگی خەڵک هەیە!

هەرچەندە دەنگی خەڵک بایەخێکی نییە نە بۆ حیزبەکەی حاکم و نە بۆ باقی حیزبە چەکبەدەستەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، تەنها ئەوەندە نەبێت کە وەکو مۆری تەئید لە سیاسەت و رێکەوتنی سیاسی- سەربازیی ئەوان بدرێت، چونکە لە راستیدا رێژەی کورسیەکانی دەسەڵات بە پێی رێکەوتنی نێوان ئەو لایەنە چەکبەدەستانە دیاری کراوەو براوەتەوە. دەنگی خەڵک هەر ئەوەندەی دەنگەکانی ساڵی **1992** ی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەوری دەبێت، کە دوای **2** ساڵ، یەکێتی و پارتی شەقێکیان تێ هەڵدا! بەڵام هەر بۆ ئەوەندەش کە پێویستیان بە خەڵکە ناچارن ماستاو بۆ خەڵک بکەن و بە دەردی حاکم دەیوت؛ ببنە" خزمەتکاری خەڵک"!

ئەم نەجابەتەی حاکم قادر بە بۆنەی "هەڵبژاردن"ەوە ئەو پرەنسیپە سیاسیەی وەبیر هێنامەوە کە بزووتنەوەی ئێمە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری، دەربارەی سیستەمی نوێنەرایەتی دەیخاتە ڕوو؛ سیستەمی نوێنەرایەتی راستەوخۆو بەردەوام، کە خەڵک راستەخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن و هەرکاتێکیش بیانەوێ دەتوانن لایان بەرن. واتە هەرکاتێک نوێنەرێک ئەو ئەرکەی کە لە لایەن ئەو خەڵکەی دەنگیان پێی داوە جێبەجێ نەکرد، یەکسەر هەر لە لایەن ئەوانەوە لا دەبرێت. ئەم دەورەی خەڵک هەمیشە چاودێرو زامنی ئەوە دەبێ کە بیرۆکراسی نەتوانێت چەکەرە بکات و دەسەڵات لەسەروو خەڵک و پێشیلکەری ئیرادەیان نەبێت.

هەڵبەتە حاکم قادرو حیزبەکەی دەنگی خەڵکیان بۆ ئەوە نییە کە ببنە نوێنەری ئەوان، چونکە ئەوان بە هێزی میلیشیا خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. بەڵکو بۆ ئەوەیانە کە لەگەڵ میلیشیاکانی تردا ساتوسەودای پێ بکەن، ئیمتیازی بۆخۆیان پێوەرگرن! بەڵام مادام بۆ ئەوەندەش پێویستیان بە خەڵکە ئەوەتا چەندە لوتف دەنوێنن بەرامبەر بە خەڵک! ئەوەتا تەنها بەوەی سێبەری هەڕەشەی خەڵکیان لەسەرە کە ئەم مۆرەیان بۆ لێ نەدەن چۆن کەوتوونەتە پاڕانەوەو نەجابەت نواندن!
ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی خەڵک بایەخی هێزی خۆیان بزانن! هێزی جەماوەری خەڵك و دەوری سیاسی ئەوان چەندە دەتوانێت نەخش و کاریگەری هەبێت لەسەر رووداوە سیاسیەکان و گۆڕینی رەوتی ئەو رووداوانە. ئەگەر جەماوەری خەڵك رێکخراو بن، مونسەجیم و یەکگرتوو بن لە دەوری هێزی رادیکاڵ و ئینسانی، لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەتوانن ئەوەی خۆیان دەیانەوێ بە دەستی بێنن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و بەرنامەی کۆمۆنیستی کرێکاری رێگاو وەسیلەی سیاسی دەخالەتی بەردەوام و رۆژانەی خەڵکە لە چارەنووسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیاندا. زامنی بڕیاری سیاسی و هەڵبژاردنی راستەقینەی سیاسی بەردەوام و ڤۆژانەی خەڵکە.

*****